# پرۆژێ رۆژهەلاتا ناڤینا نوی بشێوەیەک دینامیکی جی دگرە!

**فەهمی سلێڤانەیی**



بەلاڤکرنا پرۆژێ نەقشێ رۆژهەلاتا ناڤینا نوی ژپەنتاگۆن، نەک تەنها پروپاگندەیەک بویەو ئەو پروپاگندەیا کاتی یە لسەر چەند بنەمایەک تاکتیکی، کو تەنها گریدای بەرژەوەندەکا بەرتەنگا ئەمریکایا ئێکانەیە! وەکو دێنا من کە بەرۆڤاژی هەمی دیتنێن دی یێن لایەن و کەساتیێن سیاسی و رەوشەنبیری، ئەز دبێژم رۆژ بەرەو رۆژ بەوادرێن وی پرۆژەی دیاردبن و ڤایە پشتی کۆمبونا عەمان بسەرۆکاتیا مەلک عبداللە و بووش، بتایبەتی ئەو پێشوازیا بگەرمی هاتیە کرن ژلایێ مەلک عبداللەی ڤە بۆ شێخ زاری وەکو سەرک کۆمارەک و سەنگەک دایێ و پاشێ بۆش ئامادەبوی و گروپێ شیعا وەکو نوری مالیکی و عبدالعزیز الحەکیم، دیڤدە راپۆرتا بیکەر هاملتۆن هاتە زمان، خوەشکرنا پرۆژەکی پارچە کرنێ بوو، کوسنناژی بیننە بەرامبەری شیعاو تەوازنەکا ستراتیج بکەنە ئارمانج، یانژی راپۆرتا بیکەر هاملتون کو ئیرۆ بویە جهێ مەترسیا مە کوردا تەنها بوویە ئەگەرێ دامەزراندنا دوو بەرەیا بناڤێ توندرەو میانرەو، دیسان ئەز بەرۆڤاژی هەمی خەلکێ مەیێ کورد دبێژم من چ مەترسی نینە لسەر وێ راپۆرتێ، چونکە دژی بەرژەوەندا ئەمریکا بخوەیە ڤەکرنا رێکێ بۆ دەولەتێن هەرێمێ کە سوریەو ئەیران بهێتن چارەسەریا بارودۆخێ عێراقێ بکەن، ئەڤە بخوە ئیشارەتەکا پارچەبوونا عێراقێ یە بۆ دامەزراندنا دەولەتا شیعستان و سننستان و کوردستانێ؟!

ئەو تیرۆژ کو بەرفراوان دبە سەرانسەری وان وەلاتێن دەستنیشانکری و نەقشە لهاویردۆر هاتیەدان ئەوژی بتایبەتی سعودی و عێراق و ئەیران و سوریەو تورکیا، کو گریدای ڤان رویدانێن دوهی و ئیرۆو تەڤگەرێن بەرفراوانێن هەردوو لایەنێن شەرکەرو شەرخواز (سننەو شیعە)، بتایبەتی کۆمبینا وان ل عەمانێ بئاریکاریا شاهێ ئوردنێ و سەرۆکاتیا سەرۆکێ ئەمریکا (بۆش) دگەل هەردوو تائیفا، دڤی واری دە زۆر پسیار هەنە هەر بەرسف بشێوەیەک دینامیکی لسەر تێنەدان! ئەوژی بۆ چ کۆمبون ل عەمانێ بو نەک ل عێراقێ یان جهەک دی؟ بۆ چ شاهێ ئوردنێ بەری کۆمبونا وان دگەل بۆش و شیعان دە بۆ جارەیەکێ دگەل شێخ زاری روینشت و پاشێ بۆش و شیعا، لگۆردینا من بەرسف ئەوە کو بێژم، ئەڤە هەمی پیلانن ژئالیێ سەرۆکاتیا ئەمەریکا ڤە دژی هەردوو لایەنێن سننی و شیعی، کو دداویێ دە شەرەکێ بێ سنوور دناڤ بەراواندە پەیدا بکەن و بەلگە لسەر ڤێ چەندێ لێدوانێن (نواف عبید) مستەشارێ حکومەتا سعودی یێ کاروبارێن ئاسایشێ و ئەندامێ جێگرێ مەرکەزێ خوەندنا ناف نەتەوی یێ ستراتیج ل واشنتۆن، دەما گۆتی ئەگەر هاتو بلە زو دەمەکێ کورت دە ئەمریکا لەشکەرکێشی ژ عێراقێ کر، ئەم ئامادەنە لەشکەرێ سعودی یێ بنێرین جهێ وان داکو پشتا سنا بگرین دژی هەلۆیستێ ئەیرانێ بەرامبەری وان کو شیعە جهێ مەترسی یا سننانە، دڤی واریدا دوو قوتابخانە دبنە ئاوێنەیەک بەرامبەری خوەندەڤانێن رویدانا، درۆژهەلاتا ناڤین دە، یەک ژێ ئەوە کو بێژین ئەگەر هاتو لەشکەرکێشی یا ئەمریکایا بلەزبیت و عێراقێ دڤی کاوادنێ نازک دە بهێلیت، دێ بۆشاتیێ دەتە میلیشیانێن سنناو شیعا بۆ داگرتنێ و بەرفرەهکرنا شەرێ نافخۆیێ عێراقێ، بەلکی بۆشی ژی لەسەر ڤی بابەتی رۆنکرن داو نەرازی بو ل سەر وی هەلویستی کو بهێتە وەرگرتن، بەلێ ئەز باوەرم تەنها لێدوانێن راگەهاندنێ بویە، وەکو تەمویهەک ژبۆی سەرکەتنا پیلانێن وی، داکو پارچەکرنا عێراقێ ب لاوازکرنا ئەیران و سعودیێ ڤەگرێدەت- یا دووێ گرێدای بۆچوونەکا میکافیلیە، وەکو دەرفەتەکێ یە جیهانا بسولمانان لاوازکەت، هەر بەرامبەری یەک، وەکو سننەو شیعە، عێراقێ بکەتە ئەنیا شەرێ وان کە سننە بسەرکێشی یا سعودیێ و شیعە بسەرکێشی یا ئەیرانێ، ژ ئالیەکێ ڤە پترۆل و دۆلارێ سعودیێ بێختە دوارێ شەری دەو، بنگەهێ وێ یێ ئابۆری لاوازکەت و ژئالیێ دیڤە ئەتۆمی ئەیرانێ پاش بێخت و ناکۆکیێ دنافبەراوان پەیداکەت و وان مژویلکەت داکو کارێ وانێ ئەتۆمی راوەستت، دیسان شەرێ ئەیرانێ ژ ئەمریکاو ئیسرائیلێ بدەتە پاش و بەرەو دەولەتێن عەرەبی ڤە ببەت و یێ دی دوماهی بوی شەری نەهێت و ببیتە ئەگەرێ پارچەکرنا ئەیران و عێراق و سعودیێ، هەلبەت دهەمان کاتدە دەرگەهێ فلەستینێ و دۆزا وان دگەل ئیسرائیلێ دێ هێتە گرتن و چ کەس نابیت یێ دی دەستێ ئاریکاریێ بۆ وان درێژ بکەت و دێ ئەو بیت یاکو ئیسرائیل دبێژیت و بۆ وان بکەت، دیسان سوریە دێ کەڤتە دفشارەکا مەترسی و مەزن دە ژبەر وەرگرتنا هەلویستەکێ کا دگەل شیعا بت یان سننا، ئەگەر هاتو دگەل شیعا دژی سننا راوەستیت گەلێ سوریە بهتر سننەو دێ دژی رژێمێ رابن، دیسان ئەگەر دژی شیعابن مەزنترین حەلیف ژ پشت چۆو نەشێت بکەڤتە دهمێزا دوژمنێ خوەدا، دڤی واری دە ئەوژی دێ ناکۆک بن و شەرەکێ نافخۆ دێ رویدەت و ئۆپۆزیسۆنا سوری دێ بهێز کەڤیت، ئەڤە هەمی بە وادرێن سەرکەتنا پیلانێن ئەمریکایەو ئاڤاکرنا رۆژهەلاتەکێ ناڤینا نوی یە، بەلێ دیسان پشتی رۆخاندنا کەلها دکتاتۆری یا وان وەلاتاو چەسپاندنا دیموکراسی بونێ. یاش خەلکێ ڤە ئەمریکا شکەست خوار.

خوەندەڤانێن هێژا ئەڤە خەونا مە کوردایەو ئەگەر ئەڤ بۆچونە تەنها خەیالە، ئۆمێدەوارم یاراست بیت و تورکیاو ئەیران و سوریا ژی بگریت، داکو ئەو خەونەو نەقشێ کوردستانا مەزن رزگار بیت و ئەمژی بگەهینە مافێ چارەنڤیسێ خوەو بسەرخوە بوونێ رزگاری و دیموکراسی شابن ئەو تیرۆژکا ببتە رۆژهەلات.....!

# دەبێ ئەمریکا بەفەرمی هەڵوێستی خۆی سەبارەت بەدۆزی کوردستان پێشان بدات

راپۆرتەکەی بیکەر- هاملتن کاریگەری نەرێنی لەسەر دەروونی کوردستانیان داناوە، دەبێ لەرێگەی گوشاری کوردستانیانەوە بەتووندی رەتبکرێتەوەو پاشەکشەی پێبکرێ. ئێمە وەک بەرەی گۆڕان نەک هەر پشتیوانی لەو رێپێوانانە دەکەین کەدژ بەسیاسەتی ئەمریکا لەنێوەخۆی کوردستان و ولاتانی ئەورووپادا بەرێوەدەچن، بەڵکو خوازیارین کەکوردستانیان بەهەرشێوەیەک بۆیان دەکرێ دەنگی نارەزایی خۆیان پێشان بدەن و سیاسەتی بەرژەوەندخوازانەی ئەمریکا ریسوا بکەن. ئێمزا کۆکردنەوە بەتەنیا لەتوانای دانیەپاشەکەشە بەئەمریکا بکات، دەکرێ رێگەو شێوازی دیکەی کردەیی هەڵبگیرێتەوە. ئێمەراشکاوانە راماندگەیاندووەو دووپاتیشی دەکەینەوە کە ئەمریکا وڵاتێکی بەرژەوەندخوازەو تەواوی بەرنامەو سیاسەتەکانی خۆی بۆ گەورەکردنەوەو زۆرکردنی بەرژەوەندەکانی دەکار دەهێنێ، هەرچەندە لەشکرکێشی ئەمریکا بۆ عێراق و رووخاندنی رژێمی سەدام لەبەرژەوەندی گەلی عێراق و گەلی کوردستان تەواوبوو، کەچی ئامانج لەو لەشکرکێشیە رزگارکردنی گەلانی ژێردەستی بەعس نەبوو، نەشتوانرا وەک هەیە بۆ بەرژەوەندی گەلی کوردستان دەکاربکرێ، هیچ کات ئەمریکا دۆستی گەلانی زۆرلێکراو و داگیرکراو نەبووەو نابێ. ئامانج لەو شەرە خۆپاراستن لەشەڕی تیرۆرو هاوکارانی رێکخراوی ئەلقاعیدەبوو. ئەمریکا دەزانێ کەکێشەی فەلەستین و کێشەی کوردستان دوو کێشەی بەرچاوی رۆژهەلاتی ناوەراستن، دەبێ یەکلایی بکرێنەوە، بەبێ چارەسەرکردنی ئەو دوو کێشەیە، رۆژهەلاتی ناوەڕاست ئاشتی و ئارامی بەخۆیەوە نابینێ. ئەمریکا و هەندێ وڵاتی دیکە راشکاوانە جەخت لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین دەکەنەوە، بەلام لەبەرانبەر کێشەی کوردستان چاو دادەخەن، بەمەش هەوڵەکانیان دەکەوێتەژێر پرسیارەوە، ئێمەلەئەمریکا دەخوازین هەر چۆن هەڵوێستی ئاشکرا لەبەرانبەر کێشەی فەلەستین پێشان دەدات، بەو شێوەیەش رەفتار لەگەڵ کێشەی کوردستاندا بکات و بەفەرمی رامانی خۆی دیار بکات.

گفتوگۆی تەلەفونی جۆرج بووش لەگەڵ سەرۆکی هەرێم و سەرکردەکانی دیکە تەنیا بۆ دڵنەوایی کردنە و ناکەوێتە خانەی هەڵوێستی فەرمییەوە، ئەو پەیامانەی لەرێگەی تەلەفۆنەوە دەگەن تۆزقاڵێک لەنیگەرانیەکانمان بەرانبەر بەسیاسەتی ئەمریکا سەبارەت بەکێشەی کوردستان کەم ناکەتەوە.

بەرەی گۆڕان، لێکدانەوەی قەوانی سواوی وەک ئەوەی سەرۆک بووش بەڵێنی داوەپشتیوانی لەگەلی کوردستان بکات، بەخاپاندن دادەنێ و پێیوایە لەو رێگەیەوە دەخوازرێ کەگوشارەکان دەکار نەکرێن و نارەزایی پێشان نەدرێن. لەو پێوەندیەدا جارێکی دیکەش داوا لەکوردستانیان دەکەینەوە کە لەهەر کات و شوێنێکدا بۆیان دەلوێ دەنگی نارەزایی خۆیان بەرزبکەنەوەو کارێ بکەن کەواشنتۆن راستەوخۆ گوێ لەنارەزایی جەماوەری کوردستان بێ.

یەکریزی و هاوهەڵوێستی نێوان کوردستانیان راپۆرتەکەی بیکەر- هاملتن لەکار دەخات و ئەمریکا ناچار دەکات کەلەبەرانبەر کێشەی کوردستان چاو بەسیاسەتی خۆی بخشێنێتەوە. با هەموومان بەیەکەوە راپۆرتی بیکەر- هاملتن و سیاسەتی بەرژەوەندخوازانەی ئەمریکا لەقاو بدەین.

بەڵێ بۆ گۆڕان ..

بەڵێ بۆ ئاشتی..

**دەستەی کارگێڕی بەرەی گۆڕان**

٢٠٠٦-١٢-١٦

# بەرەی تورکمانی چاوگی ئاژاوەیە

**صباح مجید کەرکوکی**

هەر لەدوای راپەرینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ وە بەتایبەتیش دوای رزگار کردنی شاری کەرکوکی خۆشەویست دەوڵەتەکانی ناوچەکە هەڵوێستەیەکیان کردوو کەوتنەوە بووژانەوەی پەیوەندیەکانی نێوانیان بۆ شکست هێنان بە ئارمانجە دوورو نزیکەکانی ئەو راپەرینە. چەندەها کۆبونەوەی نهێنی یان بەست بۆ چۆنیەتی گەڵاڵەکردنی پرۆژەیەکی مخابەراتی وا کەرێگا لەسەر بەخۆیی و ئازادی یەکجارەکی خەڵکی کوردستان بگرێت. سەرەتا دەستیان کرد بە دروست کردنی هەندێ حزبی سیاسی شۆڤێنی و ئیسلامی و ئینجا پشتیوانی دارایی و لۆجیستیان کردن هەتا گەورەتر ببن و کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم حکومەت و پەرلەمانی کوردی دروست بکەن.. دواتر شەڕی جۆراو جۆری ناوخۆیان بۆ کورد دروست کرد، رەوشەکەیان تەواو لێ ئاڵۆز کرد.. بەوەشەوە نەوەستان هەرجار ناچارێ هێرشی سەربازییان دەکردە سەر کوردستان بەبیانووی گەڕان بەدوای تیرۆرستان دا. سەرەڕای هەموو ئەوانەش سوودیان لە کەم ئەزموونی کورد و ئابلۆقەی ئابووری سەر عێراق بینی و لەرێگای هەندێ خەڵک و حزب و رێکخراوی جاسوسی و رەگەز پەرستییەوە دەستییان کرد بەکڕینی خەڵک و ناونوس کردنیان، لەناو ئەو هەموو حزبانەدا ( بەرەی تورکمانی ) کە میرات گری ئەتاتورک و ئەندامی دەزگای ( میت )ی تورکین خۆیان کرد بەکەوا سوری بەر لەشکرو فیکری نەتەوە پەرستی ( قۆینلوە ئەنادۆڵی یەکان ).. ئەدەبیاتی حکومەتی تورک و ژەنەراڵە تورکەکانیان کرد بە بەرنامەی کاری حزبی خۆیان، ئەوان نەک جارێک چەندەها بێ شەرمانە لە گفتوگۆو کۆبونەوەکانیاندا خاکی کوردستانیان بە بەشێک لەخاکی تورکیا داناوەو خەڵکی کوردیشیان بە تورکی شاخی نێوزەند کردووە. لەراستیدا ئەوە بەرنامەی عوسمانیەکان و ئەتاتورکەکانە کە بەمیرات بۆ ئێستای ئەم حزبە ماوەتەوە.. دوای رووخانی رژێمی بەعس و گەڕانەوەی کورد بۆ زێدی باب و باپیرانیان لە کەرکوک، دوای هەڵبژاردنی شارەوانی یەکان و هەڵبژاردنی دەستور، ئەو حزبە تورکمانییەو پاشا کۆنە پەرستەکانیان لە تورکیا تەواو نیگەران بوون لە هێزو توانای سیاسی کورد، بۆیە دیسانەوە کەوتنە پلان گێڕان و ناکۆکی دروست کردن لەنێوان کوردو عەرەبەکانی ناوچەکە هەر جارەی کێشەیەکیان دروست دەکرد لە قەزای دوز و تەلەعفەر و هەندێ ناحیەو گوندی دەورەی کەرکوک، خۆیان کرد بەنزیکترین و دڵسۆزترین دۆستی باڵە ئاژاوە گێڕەکەی سەدرو چەندەها کۆڕو کۆبونەوەیان بۆ سازکردن لە کەرکوک.

بەپێی بۆچونی هەندێ خەڵکی شارەزای سیاسی ئەم کۆمەڵە جاسوسە گومانی رێک کەوتنێکی نهێنیان لێ دەکرێت لەگەڵ رەوتی سەدر بۆ زیادکردنی ژمارەی عەرەبی هاوردە لە شاری کەرکوک و هاندان و پشتگیری کردنی ئەوانەی کەپێشتر لەم شارە جێگیر کراون بە پارەو هێزی میلیشیای، هەربۆیە دەبینین ناوبەناو وەفدێکی شیعی خۆی دەکات بە تورکیاو کۆمەڵێ لێدوانی هاوبەشی ترسناک و لەرزۆک دەدەن بەگوێی خەڵکی ناوچەکە، بەتایبەتیش خەڵکی کوردستان.. جۆش سەندنی کردەوە تیرۆرستیەکان لە عێراق و هەست کردن بەپێویستی گۆڕانی ستراتیجی بەرنامەی ئەمریکا ناوچەکە، کاریگەری خۆی لەسەر تورکەکانیش داناو کەوتنە گەڕ بۆئەوەی لانی کەم لەرێگای دیبلۆماسییەوە بتوانن درێژە بە پلانەکانیان بدەن و دووبارەی بکەنەوە کە کوردستان بەشێکی بەزۆر دابڕاوی خاکی تورکیایەو دەبێ بگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی .. لەهەندێ کۆبونەوەی فەرمی و نافەرمی بنەرەی تورکمانی و هاوڕێ توندڕەوەکانیاندا ئەوەیان والێک داوەتەوە کە کۆماری ئیسلامی پشتگیری شیعەکان دەکا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی شیعی لە ناوەڕاست و باشوری عێراق، تورکیاش بەنیازە دەوڵەتێکی تورکمانی بۆ ئێمە دروست بکات لەباکوری وڵاتەکە. ئەم جۆرە بیرو بۆچوونە کەهەر بەئیشی ئەوان دەچێ، ئەگەرچی وەکو بەگژا چوونی مێروولەکە وایە لەگەڵ قولەی قافدا، بەڵام دیسانەوە تەمێ نەکردن و فێرنەکردنی ئەوانە رەنگە بەشی خۆی زیان بدات لەمەسەلەکەماندا بەتایبەت کە پرۆژەکەی بیکەر بۆ ئەوان وەکو ئەوە وایە گیانیان پێوە چەورکەیت.

# یادی جارڕنامەی مافی مرۆڤ بۆ بیکەر هاملتۆن پێشکەشە

**مامۆستا/ پێستون جەلیل**

دوای ئەوەی کە لەجەنگی جیهانی دووەم نزیکەی (٦٠) ملیۆن مرۆڤ کوژران و بەسەدان ملیۆن ژن و منداڵ و پیرو پەکەوتە پروشکی شەڕەکە گرتیانییەوە، دوای ئەوە دیکتاتۆرێکی وەکو (هیتلەر) لەشەڕدا دۆڕاو بەرەیەکی نوێ خواز درێنیان بە تاریکی سەردەم دا، لە رۆژی ١٠-١٢-١٩٤٨، لەکۆشکی (شایۆدا) ی پاریس جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ ئاشکراو بڵاوکرایەوە. ئەم جاڕنامەیە ئەگەرچی رێککەوتنی نێوان دەوڵەتە ئەورووپی و زیان لێکەوتووەکان بوو، بەڵام هەوڵێکی (جدی) و باشبوو بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دڕندایەتی و بەربەرێتی یەکی تر لە جیهان روو نەداتەوە. ئەوان کاتێ کە فۆرمیلەی ئەو جاڕنامەیەیان دەکرد بیریان لەوە کردبۆوە کە پێویستە لەمەو بەدوا جیهانی نوێ لەسەر بناغەی ئازادی و رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی نێوان دەوڵەتان دابمەزرێ. دەبێ کێشەو ناکۆکییەکانی نێوان گەلان و دەوڵەتان بەرێگەی گفتوگۆ و دبلۆماسیەت چارەسەربکرێت. پێش ئەوە لە ساڵی ١٩٤٥ نوێنەری (١٥) دەوڵەتی جیهان لە شاری (سانفرانسیسکۆ) رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیان پێکهێنا، لە پێناو پاراستنی نەوەی نوێ لە بەڵای جەنگ و کاولکاری. کاتێ کە ویستیان بەرنامەو هێڵەکانی کارکردن بۆ ئەو رێکخراوە دابنێن، دەوڵەتە براوەکان لەناو خۆیاندا بوون بە دوو کوتلەی جیاواز لەسەر شێوازی نووسینی بەندەکانی مافی مرۆڤ، هەرچی کوتلەو بلۆکی یەکێتی سۆڤیەت بوو، پێیانوابوو هەتا سەرجەم بێکاری و کێشە ئابوورییەکان چارەسەر نەکرێ باس کردن لە ئازادی رادەربڕین و بیروباوەڕ هیچ گرنگییەکی نییە، بەڵام رۆژئاواییەکان و ئەمریکییەکان پێیانوابوو دابینکردنی کار زیاتر پەیوەندی بەخودی تاکەوە هەیەو خۆی دەبێ چارەسەری بکات، بەڵام بە مەرجێ سەرجەم ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکانی بدرێتێ، تا بتوانێ تەعبیر لە پێداویستییەکانی خۆی و بەرگری لەسەروەرییەکانی بکات. ئەوان پێیانوابوو کە (جاڕی سەربەخۆیی) پرۆتۆکۆڵێکی ئامادەکراوی ئەمریکی بوو لە دوای سەربەخۆیی ئەمریکا ساڵی (١٧٧٦) نووسراو کرایە بنەمایەکی بەهێزی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و پێشکەوتنی ئەمریکا باشترین نموونەو بەڵگەیە بۆ پشتگیری کردنی راوبۆچوونەکانیان لەو دانیشتنانەدا، چونکە بەناسین و پیادەکردنی مافە بنەڕەتیە سیاسییەکان وەکو دەسەڵاتی قانون، یەکسانی بەرامبەر یاسا، پاراستنی سەروەری نەتەوەکان، جیاکردنەوەی دەسەڵاتە دەوڵەتییەکان لە هەندێ دەسەڵاتی پیاوە ئاینییەکان... هتد دەتوانرێ دەوڵەتێکی مۆدێرنی پێشکەوتوو دابمەزرێ. مافی چارەی خۆنووسین کە لەنەتەوەیەکگرتووەکان بە بەندی فەرمی جێگیرکراوەو لە ساڵی ١٩٦٠ دووبارە کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان جەختی لەسەر کردۆتەوە، بەم شێوەیە باسی دەکات: هەموو گەلێک مافی چارەی خۆنووسینی هەیە، بۆیە ئازادن لە دیاریکردنی ناوەندی سیاسی خۆیان و پەرەدان بە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیان.. بەداخەوە تا ئێستاش زۆربەی ئەو بەندو برگە بە پێزو بەنرخانەی کە دارێژراون بۆ چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ، چ مافی نەتەوەو گەلەکان بێت یان مافی تاکەکان، هەر بە نووسراوی لە دوو تویێ تۆمارگەکاندا هەڵگیراون و کاریان پێناکرێ، نەک هەر ئەوە بەڵکو یەکێکی وەکو (جێمس بیکەر) ی سیاسەتمەدارو بیرکەرەوەی ئەمریکا رێز لە رابردووی وڵاتەکەی خۆی و ئەوانەی بنەمای جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤیان نووسیووە ناگرێ و لێیان هەڵدەگەڕێتەوە. ئەو لە جیاتی ئەوەی کە لەم زەمەنی جیهانگیرییەدا باسی هەڵەکانی داگیرکاری و دەست تێوەردانی ئەمریکییەکان بکات لەهەموو دنیا، تازە بە تازە دێت، پرۆژەیەکی سەدەکانی ناوەڕاست دێنێ و دەیەوێ دووبارە ئازادییەکانی پێ کۆیلە بکاتەوە. مێژووش خەسڵەتێکی هەیە نە شتی لێ ون دەبێ و نە رەحم بە کەسیش دەکات.